# لەنێوان تیرۆر و دیموكراسیدا
# حكومەتی هەرێم كامیان هەڵدەبژێرێت؟

## دیار غەریب

هەموو كارێك كاردانەوەیەكی هەیە، لەبڕەكەیدا یەكسانە بەكارەكە و لەئاڕاستەكەیدا پێچەوانەوەی كارەكەیە، ئەمە یاسایەكی فیزیایە و لەسەر هەموو دیاردە سرووشتی و كۆمەڵایەتییەكان جێبەجێ دەبێت. بێگومان ڕەنگدانەوەی تەواویشی لەسەر دیاردەو هەڵوێستە سیاسییەكان هەیە، هەر ئەمەش هۆكاری سەرەكییە كە زۆربەی بیرمەند و كۆمەڵناسان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە زمانی توندوتیژی لەسیاسەتدا پەیڕەو نەكرێت، جونكە چەند زمانی توندوتیژی بەكاربهێندرێت ئەوەندە كاردانەوەی توندوتیژی لێ دەكەوێتەوە، ئەمەش ئاسایشی ژیان تێكدەدات و پرۆژەی خزمەتگوزاری پەكدەخات. مێژووی گۆڕانكارییە سیاسییەكانیش ئەمەیان سەلماندووە، ئەوەتا لەرابردوودا دەسەڵاتەكان هەمیشە بۆ سەپاندنی بیروبۆچوون و دەسەڵاتی خۆیان پەنایان بۆ هێزو توندوتیژی بردووە، ئەمەش وای لێكردووە، كە لەرێگەی توند و تیژی و رووخانەوە كۆتایی بەدەسەڵاتەكانیان بێت، بەڵام لەم سەد ساڵەی دواییەدا لەبەشێكی جیهاندا هێزە سیاسییەكان پەنایان نەبردۆتە بەر هێزی توندوتیژی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان، لەبەرامبەردا دەبینن كە لەو سیستەمانەدا جێگەی توندوتیژی تا رادەیەك كەمبۆتەوە و نزیكبۆتەوە لەنەبوون، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە لەم نووسینەدا بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژییە لەهەرێمی كوردستان، كە بۆ خۆی مەترسییەكی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی كوردستان و دەستكەوتەكانی گەلەكەمان رووبەڕووی مەترسی دەكاتەوە. بێگومان بۆ رێگەگرتن لە مەترسی پەرەسەندی كاری لەو شێوەیە پێویستە شرۆڤەیەكی زانستی ئەنجام بدرێت و ئەو هۆكارانە دەست نیشان بكرێت كە هاندەرن بۆ زیادبوونی كردەوەی لەمجۆرە و پاشان هەوڵبدرێت لەرێگەی چارەسەری زانستی و بابەتییەوە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزیتەوە. بەبێ هەوڵوێستێكی بەمرەنگە هەر كاردانەوەیەك ئەنجامێكی خراپتری لێ دەكەوێتەوە، ئەمەش هەڕەشەكانی ناوخۆو دەرەوە زیاتر دەكات. لەمڕوانگەیەوە دەمەوێت بەكوورتی باس لەهۆكاری پەرەسەندی كاری لەو شێوەیە بكەم و پاشان چەند پێشنیارێك بۆ چارەسەری پێشكەش بكەم:

گ1- ئەو كردەوانە كاردانەوەیەكی سیاسییەو رەهەندێكی سیاسی هەیە، ئەگەر سەیری ئیدارەی كوردی بكەین لەدوای ساڵی (1991)وە هەتا ئێستا لەڕووی سیاسییەوە ئامادەی ئەوە نییە كە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و دیموكراتی پەسەند بكات و رای جیاوازی لاپەسەند نییە و ئامادە نییە لەرێگەی دەنگدان و گەڕانەوە بۆ رای جەماوەر پرۆسەی دەستاودەستكردنی دەسەلات ئەنجام بدات و لەوەش زیاتر دەخوازێت دەسەلات بكاتە پێگەی هێز و رەوایی بۆ خۆی و خۆی دەخاتە جێگەی یاساو رەوایی هەر چالاكییەك، پارت، رێكخراو، دەزگا و تێڕوانینێك دەبەستێتەوە بەپەسەنكردنی خۆیەوە و ئەو تێروانین و دەزگاو پارت و چالاكییەی كە رەخنەیەكی جددی بێت یاخود هەڵوێستێكی جددی بێت بەرامبەر بەدەسەلات رەوا نییە و مۆركی ئاژاوەگێڕی و تێكدەری لێ دەدرێت و لەهەموو مافێكی هاوڵاتیبوونیش بێ بەش دەكرێت. ئاشكرایە ئەو هەڵوێستانە زەمینە بۆ كاردانەوەی سیاسی توندوتیژ دروست دەكات.

گ2 - لەڕووی ئیدارییەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەتا ئێستا پەیڕەوی لەسیاسەتی بەحزبی كردنی دامودزگاكانی حكومەت دەكات، لەهەولێر و دهۆك پێویستە كارمەندانی ئاسایش و پۆلیس و بەڕێوەبەری هەموو دەزگاكان پارتی بن و فەرمانبەرانیش ناچاری پارتی بوون دەكرێن، پێوەریش بۆ دڵسۆزبوونی فەرمانبەرێك پارتی بوونەوە، لەسلێمانی و گەرمیانیش پێوەر یەكێتی بوونە. بێگومان ئەم هەڵوێستانە وادەكەن كە رۆژ بە رۆژ ئەو دەزگایانە جەماوەری بوونی خۆیان لەدەستی بدەن و ببنە دەزگای حزبی و پشتیوانی جەماوەری لەدەست بدەن و ئەمەش دەزگاكان بێ هێز دەكات.

گ 3- لەڕووی ئابورییەوە دەبینین ئابووری كوردستان و كوردستان بۆ خۆشی بووە بەموڵكی هەردوو پارتەكە و بەخواستی خۆیان زەوی و زاری كوردستان و تەلاری حكومی دەكەنە موڵكی خۆیان و بەیاسا رێكی دەخەن و سەرمایەی كوردستان بەشێوەیەكی سیستەماتیك دەكەنە سەرمایەی خۆیان و كەسیش ناتوانێت لێیان بپرسێتەوە، دیارە ئەم

ماڵانەش وادەكات كەڕۆژ بەرۆژ هاوڵاتی كورد و كوردستان و دەستكەوتەكان بەهی خۆی نەزانێت و بەموڵكی كۆمەڵێ سەرمایەداری حزبی بزانێت و ئیتر بەلایەوە ئاسایی بێت كە زیانی پێ بگەیەنێت، هەروەكو چۆن لەڕابردوودا كورد هەمیشە دژایەتی دەوڵەتی بەجوامێری زانیوە، ئەمڕۆش دژایەتی ئەو دامودەزگا و كۆشك و تەلارانە بەشانازی بزانێت.

گ 4- لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە، لەماوەی رابردوودا ئیدارەی هەرێمی كوردستان بەپشت بەستن بەپەروەردەیەكی هاوچەرخ و مامەڵەیەكی هاوچەرخانە كاری نەكرد بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاك و كۆمەڵگا، بەپێچەوانەوە ئەو مامەڵەو پەروەردەیەی بەرپرسان و ئیدارەی هەردوو پارتەكە پشتیان پێ بەست وای كرد كە زەمینەی پەیوەندی كلاسیك و ناجێگیری كۆمەڵایەتی درووست ببێت و بێگومان لەكۆمەڵگایەكدا كە ئاستی هۆشیاری پێشكەوتوو نەبێت پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان پەیوەندی پێشكەوتوو نەبێت، دیارە ئەو كۆمەڵگایە و تاكەكانی دەبنە زەمینە بۆ ئەوەی كە زوو كاردانەوەی توندوتیژ بەرهەم بهێنن.

دیارە ئەمە وەكو هۆكارە سەرەكییەكان باسكراون و هۆكاری تریش هەن كە پێویستیان بەباسكردن هەیە، ئەوانیش لاوازی تێكۆشانی دیموكراتی ئەو پارت و رێكخراو دەزگاو رۆشنبیرانەیە كە خۆیان بەدیموكراتیخواز دادەنێن لەگەڵ هەوڵدانی دەرەوە بۆ شێواندنی باردۆخی كوردستانن. بەدڵنیاییەوە ئەم بابەتانە رۆژ بەرۆژ زەمینەی كاری توندوتیژی زیاتر دەكەن و چارەسەر نەكرێن چارەنووسی كوردستان لەبەغداد خراپتر دەبێت. چارەسەریش بەو رەنگە نابێت كە ئەمڕۆ دەسەڵات باسی لێوە دەكات، ئەوەی دیارە دەسەڵات هەتا ئێستا بەشێوەیەكی راست پەنجە ناخاتە سەر هۆكارەكان و هەموو هۆكارەكان بە دەرەوە دەبەستێتەوە، هۆكارە ناوخۆییەكان بەتایبەتی ئەوانەی كە سەرەكین و تایبەتن بەدەسەڵات نایانبینێت، ئەمەش وای لێ دەكات كە نەتوانێت چارەسەری بدۆزێتەوە. ئەوەی پێویستە بكرێت ئەوەیە پارتەكانی دەسەڵات دەست لەتوندوتیژی سیاسی بەردەن، لەڕووی ئیداری، ئابووری و كۆمەڵایەتییەوە دەرفەت برخسێنن بۆ ئەوەی هاوڵاتی كوردستان خۆی بە خاوەنی كوردستان و بەپارێزەری بزانێت و كۆتایی بەو سیاسەتی جیاكارییە حزبی و نەتەوەییە بهێندرێت كە پەیڕەو دەكرێت و یاسا سەروەر بكرێت، رێكخراو، پارتە دیموكراتیخوازەكان و جەماوەری كوردستانیش دەسەڵات ناچار بكەن كە هەنگاوی بەمرەنگە بنێت و چاوەڕوانی ئەوە نەبن كە دەسەڵات لەخۆیەوە هەنگاوی دیموكراتی بنێت. ئەم بارودۆخەش دەسەڵاتی كوردی بەگشتی و پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بەتایبەتی دەخەنە بەردەم پرسیارێكی گرنگەوە و ناچاریشن وەڵامی بدەنەوە، ئەویش ئەمە؛ لەنێوان تیرۆر و دیموكراسیدا، حكومەتی هەرێم كامیان هەڵدەبژێریت؟ بێگومان هەتا ئێستا لایەنی دیموكراسی هەڵنەبژاردووە و ئەو هەڵسوكەوتانەی كە ئەنجامی داوە، وەكو كاردانەوە تیرۆر دەخولقێنێ، ئەگەر بێت و لێرە بەدواوە دیموكراسی وەكو سیستەم و كولتوور هەڵنەبژێرێ گومانی تێدا نییە تیرۆری دەسەڵات و تیرۆری دژ دەبنە دیاردە و جەماوەر دەبێتە قوربانی و لەئەنجامیشدا دەسەڵاتی كوردی ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی رژێمەدیكتاتۆریەكان دەبێتەوە و دەسەڵاتیش بەرپرسی یەكەم دەبێت لەم حاڵەتەدا. هەربۆیە ئەگەر دەسەڵاتی كوردی نەخوازێت رووبەڕووی چارەنووسێكی ناخۆش ببێتەوە، پێویستە كە دیموكراتی هەڵبژێرێت و لاپەڕەیەكی نوێ هەڵبداتەوە.